Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090421

# ئەركی ئیستاتیكیی شیعر لە ئەدەبی كلاسیكی كرمانجی خواروودا

شنۆ محمد محموود

بەشی زمانی کوردی// کۆلێژی زمان // زانکۆی سلێمانی

ژینۆ عبدالرحمن محمد

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی/ وەزارەتی پەروەردە

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

ئەرکی شیعر، ئیستاتیکا، ئەدەبی کلاسیک، ئەدەبی کوردی.

## Corresponding Author

shno.mahmiid@unisul.edu.iq
zhino.abdulrahman@charmouniversity.org

## پوختە

زانستی ئەدەب وەک زانستە مرۆییەکانی تر، لەگەڵ سەرهەڵدان و چەکەرەکردنیدا، مرۆڤ ئەرککگەلێکی پێ سپاردووە. ئەم ئەرک پێسپاردنەش بە هۆی بوونی چەند تایبەتمەندییەکە لە ئەدەبدا، وەک ڕادەی کاریگەری و هەڵگرتنی هەست و نەست و بیر و ئایدیاکانی مرۆڤ و گواستنەوەی بۆ ئەوانی تر لە ڕێگەی میتازمانەوە، کە زمانێکی باڵا و هونەری و ئیستاتیکی و مۆسیقییە.

شیعریش وەک دیارترین ژانری ئەدەب، پشکی گەورەی لەم ئەرکەدا بەرکەوتووە و بە پێی سەردەم و کولتوورەکانی هەر میللەتێک شیعر بارگاوی کراوە بە دوو ئەرکی سەرەکی، کە ئەرکی گەیاندنی سوود و بەخشینی چێژ و جوانی بووە. نەتەوەی کوردیش لە ئەدەبەکەیدا و بەتایبەتی لە ئەدەبی دێرین و دەوڵەمەندیدا، کە ئەدەبی کلاسیکییە، لە چوارچێوەی ئەو دوو ئەرکە سەرەکییەدا بووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، یەک لەو دوو ئەرکە سەرەکییە، کە ئەرکی ئیستاتیکیی شیعرە، لە ئەدەبی کلاسیکی کرمانجی خواروودا، بەرباس دەدەین.

لێکۆڵینەوەکە، بەپێی میتۆدی (وەسفیی شیکاری) کاری کردووە و دابەشکراوە بەسەر دەروازەیەک دوو بەشدا:

لە دەروازەکەدا پرسی ئەرکی شیعر باسکراوە. لە بەشی یەکەمدا، زاراوە و چەمکی کلاسیک بە گشتی و چەمکی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و سەرهەڵدانی قۆناغەکە خراوەتە ڕوو. لەبەشی دووەمیشدا، کە بەشە پراکتیکەکەی لێکۆڵینەوەکەیە، باس لە ئەرکی ئیستاتیکیی شیعر کراوە، بە دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانەی ئەم ئەرکە بە شیعر دەبەخشن، کە خۆی لە زمان و وێنەی هونەری و مۆسیقای شیعردا، دەبینێتەوە. ئەمەش بە نموونەی شیعری شاعیرانی قۆناغی یەکەمی کلاسیک و سەردەمی میرنیشنی بابان (نالی و سالم و کوردی)، شیکراوەتەوە.

## پێشەکی:

**دەروازە: پرسی ئەرکی شیعر لە ئەدەبدا**

بە ڕوانین لەو باس و لێکۆڵینەوانەی بە گشتی لە بارەی تیۆر و سرووشتی ئەدەب و شیعرەوە کراون، دەبینین هەمیشە پرسی ئەرک هاوشانکراوە لەگەڵ ناساندن و چییەتی ئەو دوو چەمکەدا. ڕیشەی ئەم هاوشانکردنەش بۆ یۆنانییەکان و بەتایبەتی بۆ تێڕوانینەکانی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، کاتێک کە لە باسی شیعردا، ئەرکەکەی کرد بە بنەمای ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنی شیعر.

وەک ئاشکرایە ئەو ئەرکانەی لەو سەردەمەدا لای ئەفلاتوون ئاماژەیان پێکراوە بۆ شیعر، ئەرکی (چێژ و سوود) بوون. وەک (د.شکری عەزیز الماضی) لە باسی (ئەرکی شیعر)دا لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)ەکەیدا، دەڵێت: ((ئەفلاتوون چێژ و سوودی لەیەک جیاکردبووەوە و بە تەواوەتی بۆ لای سوودی داشکاندبوو، لە دوای ئەویش گەلێ تریش هاتوون هەمان شتیان کردووە، بەڵام داویانەتە پاڵ چێژ))(الماضی، ٢٠١٠: ٣٨). ئەوەی ئاشکرایە ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارەکەیدا وەدەرناوە، چونکە لە شیعرەکانیاندا سوودیان نەگەیاندووە. ئەم ڕەتکردنەوەیەی شیعر و شاعیران و جێنەکردنەوەیان لە ناو کۆمارەکەشیدا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە شاعیران دوورن لە ڕاستییەوە و ناتوانن لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە خەڵکی پەروەردە بکەن. بۆ ئەمەش نموونەی شاعیرێکی وەکو (هۆمیرۆس) دەهێنێتەوە و بەراوردی دەکات بە (پرۆتاگۆراس) کە مامۆستا و پەروەردەکار بووە و پێی وایە، هۆمیرۆس نەیتوانیوە وەکو پرۆتاگۆراس خەڵکی پەروەردە بکات تا لە یادیاندا بمێنێتەوە، بۆیە پێی وابووە شاعیران ناتوانن وێنەیەکی ڕاستەقینە پیشان بدەن. ئەگەر لاساییکەرەوەش بن، ئەوا لاسایی جیهانی سێبەر دەکەنەوە و دوو هەنگاو لە ڕاستییەوە دوورن (بڕوانە: ئەفلاتوون، ٢٠٠٩: ٢١٢-٢١٦). لێرەوە دەردەکەوێت کە بە دیدی ئەفلاتوون پێویستە شیعر سوودبەخش بێت. جێی ئاماژەیە لە کۆمارەکەیدا جۆرێک لە شیعری جیاکردەوە و بە سوودبەخش ناوی بردن، ئەوانەش ئەو جۆرە شیعرانەن کە (دوای ئەقڵ وڕاستی دەکەون و بەهرە و سرووش(ئیلهام) لە خواوەندەکانەوە وەردەگرن، ئەفلاتوون دەڵێت: ئەو شیعرەی خزمەتی خواوەند و پیاوچاکان دەکات باشترە. وەکو شیعری تراجیدی، کە لە کۆمارەکەیدا جێی دەبێتەوە)(ڕەئوف، ٢٠٠٧: ٧).

بەڵام ئەرستۆ، کە کۆنترین ڕەخنەگرە لە بواری شیعردا، بەشێوەیەکی وەسفی لە ڕێگەی نموونەی شاعیرەکانەوە جیاوازتر لە ئەفلاتوون لە ئەرکی شیعر دواوە و پێی وایە کە (شیعر لاساییکردنەوەی سرووشتە، ڕەمەکی لاساییکردنەوەش لە منداڵییەوە لە مرۆڤدا هەیە و هەر ئەمەش جیاوازی لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا دروست دەکات. لە ڕێگەی لاساییکردنەوەشەوە مرۆڤ فێردەبێت، فێربوونیش زیندووترین چێژ دەبەخشێت. بێگومان چێژوەرگرتنیش تەنها بۆ فەیلەسووفان نییە، بەڵکو بۆ هەمووانە)( Douglas,1973: 3 ).

کەواتە لەدوای ئەم تێڕوانینەی ئەرستۆ، ئەرکی چێژیش سەرباری ئەرکی شیعر بوو، لەپاڵ ئەرکی سووددا. ئەرستۆ پێی وایە شیعر لاساییکردنەوەی ژیان و ڕووداوەکانی ژیان و سرووشتە. لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لە غەریزەی لاساییکردنەوەدا، مرۆڤ هەم فێر دەبێت، کە سوودی تێدایە، هەم لەو فێربوونەش چێژ وەر دەگرێت. لێرەوە تێڕوانین بۆ شیعر سرووشتێکی ئەرێنی وەرگرت و قووڵتر لە شیعری کۆڵییەوە و ئاماژەی بە زاراوەیەکی گرنگ و دیاری تر کرد، کە (پاککردنەوەیە) و داویەتییە پاڵ ئەرکی شیعر، پێی وایە ((ئەرکی شیعر و مۆسیقا، پاککردنەوەیە (catharsis)، ئەمەش لە کاتی خوێندنەوەی شیعردا دەردەکەوێت، مرۆڤ لەنێو سۆزی بەردەوامدا، یان لە هەر حاڵەتێکی وروژاندنی هەستەکانیدا، ئەزموونی ئەم پاککردنەوەیە دەکات. بۆ مۆسیقاش دەبینین چارەسەری نەخۆشی و تالێهاتنی دیۆنیسیسی خوداوەند لە ڕێی مۆسیقاوە کراوە)) (Trench, 2016: 553).

ئاشکرایە ئەم (پاککردنەوە)یەش لە شیعر و مۆسیقادا لە ڕێگەی جووڵاندنی سۆزی ترس و بەزەییەوە درووست دەبێت، کە سۆزی بەزەیی سۆزی مرۆڤە بەرامبەر بە کەسانی تر و سۆزی ترسیش، سۆزی مرۆڤە بەرامبەر بە خودی خۆی. ئەمەش لە شیعری تراجیدیدا ڕوودەدات، کە کار دەکاتە سەر خوێنەر و گوێگر و جۆرێک لە هاوسەنگی دەروونی و ڕەوشتی درووست دەکات بەرامبەر بە خۆی و کەسانی تر. بەم جۆرەش((ئەرستۆ وەڵامی ئەفلاتوون دەداتەوە، بەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شیعر ئەرکێکی ڕەوشتی دەبینێت، لە کاتێکدا کە ئەفلاتوون وای بۆ دەچێت شیعر ڕەوشت تێک دەدات)) (الماضی، ٢٠١٠، ٤٠). وەک دەرکەوت گرنگترین ئەو ئەرکانەی لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ بۆ شیعر دیاریکران، (چێژ و سوود) بوون.

لە دوای ئەم سەردەمە و لە قۆناغە جیاوازەکانی دواتریشدا، ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینانە لە زۆربەی ئەو پێناسانەدا دەبینینەوە کە بۆ ئەدەب کراون. هەر بۆیە تێیاندا بە گشتی دوو ئاراستەی جیاواز دەبینرێت، کە هەندێکیان ئەرکی ئەدەب لە پێناو سوودی کۆمەڵ و هەندێکیشیان بۆ چێژ و جوانی و بابەتی خودی دەگێڕنەوە.

لە دیارترین ئەو پێناسانەی کە ئەدەب ئاراستەی کۆمەڵ و سوودبەخشین بە کۆمەڵ دەکەن، ئەمانەن: (ئەدەب ئاوێنەی ژیان و کۆمەڵە. ئەدەب ڕەنگدانەوەی و اقیعی ژیان وژینگە و دەوروبەرە. ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و سەرچاوەکەی لە کۆمەڵەوەیە و لە پێناوی کۆمەڵدایە. ئەدەب هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی چاوی ئەدیبەوە. ئەدەب تۆماری بیری پەسەند و چاکە... هتد)(بڕوانە: الماضی، ٢٠١٠: ١١ وڕەئوف، ٢٠٠٧: ٣). ئەوانەشی کە پێیان وایە ئەدەب تەنها لە پێناوی چێژ و جوانی و بابەتە کەسی و خودییەکاندایە، وایان ناساندووە کە (ئەدەب شێوەیەکی ئیستاتیکای ڕووتە. یان ئەدەب ئەو نووسراوەیە، کە بە زمانێکی چاک و پاراو چێژێکی هونەری و بەرز دەداتە

بەرامبەرەکەی. ئەدەب وێنەی گوزارشتکردنی خەیاڵە، یان وێنەی هەڵچوونەکانی مرۆڤە)(بڕوانە: هەردوو سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

ئاشکرایە لە دواتردا و لەگەڵ هاتنەکایەی تیۆرەکانی ئەدەبدا، لە هەر یەکێکیاندا جۆرێک لە ئەرک بۆ ئەدەب دیاریکرا. بۆ نموونە لە تیۆری لاساییکردنەوەدا، هەریەک لە ئەرکەکانی (لاساییکردنەوە و چێژ و سوود) و لە تیۆری گوزارشتکردندا، (ڕەنگدانەوەی دەروونی مرۆڤ و گوزارشتە کەسییەکان) درانە پاڵ ئەدەب. لە دواتردا و لە تیۆری داهێنان(ئەفراندن)دا و بە پێچەوانەی تیۆرەکانی پێشتر، پێیان وابوو کە ئەدەب پێویستە تەنها ئەرکی (ئیستاتیکی) پێ ببینرێت و ئەدەب و هونەر لە پێناوی خودی ئەدەب و هونەردا بێت. لە پاش ئەم تیۆرەش، لەگەڵ هاتنەکایەی تیۆری ڕەنگدانەوە ئەرکێکی نوێ بۆ ئەدەب زیادکرا، کە پێویستە ئەدەب لە پێناوی کۆمەڵ و پیشاندان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت و هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی بێت.

لەم بارەیەوە و لە یەکخستنی ئەرکەکانی ئەدەبدا، (د. ئەحمەد الرحمانی) لە کتێبی (تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان)، بە ڕەچاوکردنی هەردوو بنەمای ئەدەب کە (ڕووخسار و ناوەڕۆک)ن، سێ تیۆری بۆ ئەرکی ئەدەب دەستنیشان کردووە، ئەوانیش: (تیۆری یەکەم: ئەدەب چێژی هەیە و هونەر بۆ هونەرە و هیچی ترنا، شیعریش ڕامانێکی پاک و بێگەردە و دوورە لە بەرژەوەندی. تیۆری دووەم: ئەدەب سوود و کەڵکی هەیە و شیعریش ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی ڕەوشت. سێیەم: تیۆری گونجاندن (تەوفیقی)، ئەدەب چێژبەخشە و سوودیشی هەیە، پێی وایە دژایەتی لە نێوان هەردوو ئەرکەکەدا نییە، ئەدەب بە جوانییەکەی چێژدەبەخشێت و بە ناوەڕۆکە ڕەوشتی و مەعریفییەکەشی سوود)(الرحمانی، ٢٠٢١: ٤٧-٦٠). پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لە دەرئەنجام و بەکاریگەری تیۆرەکانی ئەدەب، کۆمەڵێک ڕێبازی ئەدەبی دەرکەوتن کە هەندێکیان هاوسەردەم و هەندێکیشیان کاریگەری ئەو تیۆرانەیان لەسەر بوون و پراکتیکی ئەو ئەرک و بنەمایانەیان کردووە کە تیۆرەکانی لەسەر داڕێژرابوون. بۆ نموونە ڕێبازی کلاسیک هاوسەردەمی تیۆری لاساییکردنەوە بووە و ڕێبازی ڕۆمانتیکی هاوسەردەمی تیۆری گوزارشت(دەربڕین) بووە و بەکاریگەری تێڕوانینەکانی (کانت و هیگڵ) کە بنیاتنەر و داڕێژەری تیۆرەکەن، سەری هەڵدا. هەروەها ڕێبازی ڕیالیزم بە کاریگەری تیۆری ڕەنگدانەوە و پەرناسیزم بە کاریگەری تیۆری داهێنان و... هتد، هاتنە ئاراوە.

## بەشی یەکەم: شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی خواروو: چەمک و قۆناغ

### یەکەم: ئەدەبی کلاسیک: زاراوە و چەمک

ئاوڕدانەوە لە زاراوەی (کلاسیک) و(کلاسیکی)، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پێناسەمان دەکەنەوە، کە لە ئێستادا زۆربەیان ئەگەر سەرجەمیشیان نەبێت، هەموو ئەو چەمکانەی تێدا جێگیر کراوە کە ئەدەب و هونەری ئەورووپی لە قۆناغە ڕۆشنبیرییەکانیاندا گەڵاڵەی کردوون. وەک ئەم پێناسەیەی کە بەلایەوە: ((دەکرێت کۆمەڵێک و اتا لە دەوری (کلاسیک) کۆبکرێنەوە لەگەڵ ئەوەشدا و اتا بنەڕەتییەکانی بریتین لە: ا- ئەوەی لە پلەی یەکەمدایە. ب- سەر بە هونەر و ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی بێت. پ- نووسەرێک یان بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری، بە پلە یەک دانرابێت، بە بەها نایابییەکەیدا. هەروەها نووسەری کلاسیک ئەو نووسەرە بووە، کە بۆ چینە باڵاکانی نووسیوە، بە پێچەوانەی نووسەری پرۆلیتار کە بۆ چینە خوارووەکەی نووسیوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپاشدا، زاراوەی کلاسیک بۆ ئەو نووسەرە بەکاردەهێنرا، کە لە پۆلدا دەخوێنرا. لە سەردەمی ڕێنسانسیشدا، بۆ ئەدەب و هونەری گریکی و لاتینی بەکارهێنراوە، بەو پێیەی ئەدەب و هونەرێکی کامڵی بێ کەموکورتی بوون))(Cuddon،127 :2013).

وەک ئاشکرایە سەرچاوەی زاراوەی (کلاسیک) و ئەو چەمکانەشی کە هەڵی گرتوون، ئەدەب و هونەری ئەورووپی بووە بە کولتووری دێرینەکەیانەوە، کە کولتووری یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان بوون. وەک (ئەلیۆت) دەڵێت: ((ئەوەی بە شادەمارەکانی ئەدەبی ئەورووپیدا دەڕوات، خوێنی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکانە))(عەلی، ٢٠٠١، و انەی ڕەخنەی ئەدەبی)، ئەم وتەیە بە تەواوی ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست، کە هەر هیچ نەبێت ڕێبازە ئەدەبی و ڕەخنەییەکەی سەدەی حەڤدە و هەژدەی ئەورووپا، کە بە (کلاسیکی نوێ) ناسێنرا، بەو پێیەی ئەدەبی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکانیان بە (کلاسیک)ناساند. کەواتە بەخشینی چەمکی ئەدەبی بە زاراوەی کلاسیک تا ڕادەیەک پێشینەی خۆی هەبووە، وەک چۆن ئەم زاراوەیە ((سەرەتا و لە ساڵی (١٥٤٨)دا، لە کتێبی (هونەری هۆنراوە)ی (سیبیلێ)دا بۆ دوو نووسەری فەرەنسی سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی کلاسیک لەو کاتەدا پەیوەندی نەبووە بە سەردەمە کلاسیکییە کۆنەکەوە، و اتە بە ئەدەبی (گریکی و لاتینی)یەوە، بەڵکوو پایەبڵندی گەیاندووە و بۆ ئەو کەسە بەکارهاتووە، کە سەر بە دەستەی شاعیرە ناودارەکان بووە. بەم پێیە چەمکی کلاسیک وای لێهات نووسەری بلیمەت و گەورە و ئەدەبی بەرز و مەزن بگەیەنێت))(علی ٢٠١٦، ٣١).

پاش ئەوە و هەر لە سەدەی هەژدەشەوە، چەمکی (نووسەرانی کۆن) بە زاراوەی (کلاسیک) بەخشرا و وەک لە نووسینێکی ساڵی(١٧٣٩)ی (پۆپ)دا دەبینرێت، کە تێیدا دەڵێت: ((ئەوکەسە کلاسیکییە، کە ناوبانگی سەدەیەک دەبڕێت و هەڵەی لەلا بەدی ناکرێت))(ویلک، ١٩٨٧: ٢٢٨). (جورج سوڵ) لە ساڵی (١٧٢٥)دا دەڵێت: ((قەرزی ئەو نووسەرە گەورانەمان لە پەخشان و شیعریشدا لە گەردندایە، کە تا ڕادەیەک کلاسیکەکانی ئێمەن و پێویستە بیانکەینە بناغەی خۆمان، چونکە پێکهێنەر و پاقژکەری زمانەکەمان بوون))(سەرچاوەی پێشوو: ٢٢٩).

ئەوەی دەربارەی سیما و شەقڵە گشتی و تایبەتییەکانی ڕێبازی کلاسیکیشە، لە ئەدەبی ئەورووپیدا و بەو چەمکەی هەڵی گرتبوو، ئەوا سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت کە کاتێک باس لە

کلاسیکی ئەورووپی دەکرێت، ئەوەمان لە یاد نەچێت بەرهەمەکانیان تراجیدیا و کۆمیدیا بوون، نەک شیعری لیریکی، چونکە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان و دەستوور و یاسای خۆیان هەبووە و (تەنانەت ئاوێتە کردنیشیانیان بە درووست نەزانیوە)(حوسێن، ٢٠٠٧:٢٨).

هەر لێرەوە کاتێک باس لەوە دەکرێت، کە بنەڕەتێک لە بنەڕەتەکانی ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپی، (ئەقڵ) بووە. بەو واتایەی نووسەران نابێ ((ئەقڵ و هۆشمەندی فەرامۆش بکەن و بەبێ سنوور ڕێگای ئەندێشە بگرنە بەر و وێنەی هونەری ناماقوڵ ساز بکەن))(حەمە کەریم، ١٩٨٦: ٢٧٨). دەبێت ئەوەش لە یاد نەچێت کە ((بنەڕەتی (ئەقڵ) لە تێڕوانینی کلاسیکی ئەورووپیدا، هەروەک بە ئاشکرا لای (ئەرستۆ) و (هۆراس)یش بەدی دەکرێت، پەیوەندی بە ڕووداوەوە هەبووە))(دڵشاد، ٢٠١٦: ٣٤). هەرلێرەشەوە کاتێک باس لە بایەخدانی کلاسیکەکان بە یەکێتی بابەت و کات و شوێنیشەوە دەکرێت، دەبێت بزانین کە ئەو سێ بنەمایە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ڕووداوی تراجیدیا و کۆمیدیاوە هەیە و یەکێتی بەخشینیشە بە ڕووداوی شانۆگەرییەکە.

هەرچی دەربارەی ئەو بۆچوونەشە کە بەلایەوە بنەمایەکی کلاسیکی، ((ڕوونی و ئاشکراییە لە دەربڕین و دوورکەوتنەوەیە لە تەمومژ، چونکە تەمومژ دەبێتە هۆی هاندانی ئاژاوە و کاری تاکەکەسی و شیکردنەوەی جیاواز)) (حوسێن، ٢٠٠٧: ٢٨). دەبێت لێرەشدا ئەوە بزانین کە ڕەخنەگرانی ڕێبازی کلاسیکی ئەورووپی، هەر لە ئەرستۆ و هۆراسەوە بیگرە تا دەگاتە (بوالو)ی فەرەنسی، بۆ خۆیان لە ڕوانگەی جۆرەکانی ئەدەبەوە مامەڵەیان لەگەڵ زمانی شیعردا کردووە و بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەب، پێشنیازی شێوازی دیاریکراویان کردووە، وەك ئەوەی دەبوایە لە تراجیدیادا وشە و دەربڕینەکان، شێوازێکی بەرز و بەهاداریان ببوایە، بەڵام کۆمیدیا پێویستی بەو شێوازە بەرزە نەبووە و وشە و دەربڕینی ئاسایی وزمانێکی سادە و ساکاری هەڵبژاردووە. ئەوەتا لەم ڕووەوە (ریفارول)ی فەرەنسی، کە یەکێك بووە لە پشتگیریکەرانی کلاسیکی، دەڵێت: ((دابەشکردنی شێواز لە زمانەکەماندا، وەك دابەشکردنی هاوڵاتیان وایە بەسەر کۆمەڵێک چیندا لە ڕژێمێکی پاشایەتیدا. ئەو دوو دەربڕینەی کە بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنران لە جێگا و مەقامێکدا، نابنە هاوتای یەکتری و ئەو مەبەستە ناگەیەنن، بەهۆی ئەم دابەشکردنە چینایەتییەی شێوازیشەوە چێژی درووست دەتوانێت ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە))(عەلی، ٢٠١٦: ٣٥).

هەر لە پاڵ ئەو بنەمایانەی ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپییدا، هەندێک بنەما و بنەڕەتی تردیاری کراون، لەوانە: گرنگیدان بە بەها گشتییەکان و دوورکەوتنەوە لە تاقیکردنەوە خودییەکان. هەر وەک لەم ڕووەوە (باسکال) دەڵێت: ((باسکردن لە خود ناشیرینە. (بوالۆ)ش ڕای وابووە کە نابێت نووسەران وێنەی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا بنوێنن. ئەم بایەخدانەش بە بەها گشتییەکان بەو ئامانج و مەبەستە بووە، کە بەرهەمەکانیان زەمەن ببڕێت و بگات بە نەوەکانی داهاتوو))(فهمی و فرید، ؟:١٠).

جوانیی واتا و جوانیی دەربڕین لەو بنەمایانە بوون، کە زۆربەی کلاسیکەکان لە پێشەکی بەرهەمەکانیاندا باسیان لێوە کردوون و جەختیان لە لایەنی هونەری و ڕاشکاوی ڕاستییەکان و شکۆی جوانییەکان کردووەتەوە. مەبەستیشیان لەوە بووە کە گران گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا و پیشاندانیان بە ڕوونی، ڕێگر نابێت لە دەربڕینی جوان (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

کۆنترین بەکارهێنانی زاراوەی (کلاسیکی) لە ئەدەبی کوردیشدا، تا ئێستا خرابێتە بەردەست لە نووسینی نووسەرێکی کورددا بە ناوی (پ) دەبینرێت، لە ساڵی (١٩٣٤)دا بڵاوی کردووەتەوە، کە بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکان دەگەڕێتەوە (عەلی، ٢٠١٦: ٣٨). دوای ئەوەش لەساڵی (١٩٣٧)دا، (لوسی پول مارگریت و ک.ا.ب) بۆ ناساندنی شاعیرێکی وەک (علی تەرموکی) بەکاریان هێناوە و دەڵێن: ((لە سەدەی دەیەمدا دەبینین، شیعری کلاسیکی کوردی گەشەی کردووە و لە چاو بارودۆخی سیاسی سەختدا - بەتایبەتی لە تورکیا و ئێراندا - نەشونمایەکی باشی کردووە و دەنگە دلێرەکەی (علی تەرموکی) تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان دەبیسترێت))(مارگریت و ک.ا.ب، ١٩٣٩:٤٧).

(د.کامل حەسەن بەسیر)یش ئاوڕی لە پرسی بەکارهێنانی زاراوەی (کلاسیکی) داوەتەوە و تێڕوانینی خۆی دەربارەی خستۆتە بەردەست، هەرچەندە لە سەرەتاوە لاری نەبووە لە بەکارهێنانی زاراوەی (کلاسیکی) بۆ قۆناغێکی ئەدەبی کوردی، بەڵام لە دواتردا بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بە درووست نازانێت، بەوپێیەی دەڵێت: ((زاراوەی کلاسیکی ئاوەڵناوێکە بۆ دەربڕین لە هۆنراوەی شانۆگەری تراجیدی و کۆمیدیی ئەورووپی سازکراوە، ئەمە لە کاتێکدا هۆنراوەی کوردی ئەو چەشنە ئەدەبەی تێدا بەدی ناکرێت))(حەمە کەریم،١٩٨٦: ٢٦٥)، ئەم ڕایەی (د.کامل بەسیر)، لە پاڵ ڕاکانی تریدا وەک ئەوەی بەلایەوە: ((ڕێبازی هۆنراوەی کلاسیزمی ئەورووپی هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی و ڕۆشنبیری و تەکنیکی و بابەتی و ناوەڕۆکیی لەگەڵ هۆنراوەی دێرینی کوردیدا نییە))(سەرچاوەی پێشوو: ٢٧٩)، بووە مایەی ئەوەی پێشنیازی زاراوەی (دێرین) بکات لە بری زاراوەی (کلاسیکی) بۆ شیعری کۆنی کوردی.

دیارە بەلای ئێمەشەوە زاراوەی (دێرین) ناتوانێت ببێتە چەمکێک و تایبەتمەندییە هونەری و ئەدەبییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لەخۆبگرێت، بۆیە هەمان بۆچوونی (د.دڵشاد عەلی) بە پەسەند دەزانین چونکە بەلایەوە: ((زاراوەیەک لەو زاراوە گرنگانەی کە پێویستییەکی مێژوویی دەیهێنێتە ناوەوە و کێشەیەکی گرنگی ئەدەبیمان بۆ چارەسەر دەکات و شێوازێک لە شێوازە ئەدەبیەکانی کوردیمان بۆ دەردەخات، زاراوەی(کلاسیکی)یە. ناساندنی ڕێچکەیەکی شیعری کوردی لە مێژووی ئەدەبەکەماندا بە زاراوەی (کلاسیکی) و بە چەند لایەنێکی هونەری ئەو چەمکەی کە لە ئەدەبی جیهانیدا بەگشتی و لە ئەدەبی میللەتە موسوڵمانەکاندا بەتایبەتی هەڵیگرتووە، ڕێنوێنییکەرمان دەبێت بۆ شوێنپێکردنەوەیەکی هونەریانەی شیاو بۆ ڕێچکەیەکی دیار و دەوڵەمەندی دەقی شیعری کوردی لە ناو شیعری کلاسیکی جیهانی و

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، بەو سیما و شەقڵانەی لەگەڵیاندا پۆشیونی و بەو انەشی کە جیای دەکەنەوە لێیان))(عەلی،٢٠١٦ :٥١).

دووەم: شیعری کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیی کرمانجی خوارووددا

لێرەدا مەبەستمان لەو قۆناغەی شیعری کوردییە، وەک زۆربەی لێکۆڵەران بۆی دەچن لە دوای چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە لەسەر دەستی هەرسێ شاعیر (نالی و سالم و کوردی)، درووستبووە.

ئەم قۆناغەی شیعری کلاسیکی، هەڵقولاوی سەردەمێکی گرنگی سیاسی بوو، سەرهەڵدانی میرنشینێکی وەک میرنشینی بابان لە ساڵانێکی پێشترو پێشکەوتنی بەردەوامی، بۆخۆی گەورەترین ڕووداوی سیاسی بووە، چونکە یەکێکە لە میرنشینە گەورەکانی کورد. سەرباری ئەوەی لەوکاتەدا کوردستان لە نێوان دوو داگیرکەری گەورەی وەکو عوسمانییەکان و قاجاریدا بوو، جۆرێک لە سەربەخۆییان بەدەستهێنابوو. وەک لە شیعرەکەی (شێخ ڕەزا)دا هەست بە سەربەخۆیپەکی تەواوی ناوچەی سلێمانی دەکەین، کاتێک بیرەوەریی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو.

(دیو انی شێخ ڕەزا، ٢٠١٠: ٩٥).

سەبارەت بە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە شیعرییەش، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی دەوترێت، دەکەوێتە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر و بەدیقەتتر دیاری بکەین، بۆ ئەمە چەند ڕا و بۆچوونێک دەخەینە ڕوو. لەوانەش (مەسعوود محەمەد) دەڵێت: ((شیعری کوردی بۆ یەکەمجار لە کوردستانی خوارووددا، دەکەوێتە یەکەم پێنجیەکی سەدەی نۆزدەیەم))(حەمەکەریم، ١٩٨٦: ١٧٤)، دیارە کە نووسەرلەدایکبوون و ژیانی نالی کردووە بە پێوەربۆ دیاریکردنی سەرەتای قۆناغەکە و بەگشتی بۆ پێش ساڵی(١٨٢٠)ی دەگەڕێنێتەوە.

(مەحموود ئەحمەد)یش لە پێشەکیی دیو انی (ئەورەحمان بەگی بابان) دا، ماوەیەکی دو اتر و نزیک لە ڕای (مەسعوود محەمەد) دیاری دەکات وپێی و ایە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی نۆزدەدا ئەم قۆناغە دەستی پێکردووە، وەک دەڵێت: ((سەرهەڵدانی شیعری کوردی بە شێوەی کرمانجی خوارو، دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم وبەملاوە، کە بۆیەکەمجارلە قەڵەمڕەوی باباندا (قوتابخانەی نالی) یان (قوتابخانەی بابان) سەریهەڵدا و پرشنگی هاویشت و بڵاوبووەوە))(بەرزنجی، ١٩٩٥: ٩٤).

بەڵام (نەوشیروان مستەفا) بۆچوونێکی جیاوازتری هەیە و پێی و ایە: ((دووەم چارەکی سەدەی نۆزدە ئەگونجێت بە سەرەتای سەرهەڵدانی شێوەی بابانی، لەڕووی زمان و فۆرم و ناوەڕۆکەوە دابنرێت))(ئەمین، ٢٠١٢: ٤٤٤). بۆ ئەمەش ئەو بەڵگەیەی هێناوەتەوە کە (مستەر ڕیچ) لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان لە ساڵی (١٨٢٠)، بە وردی لە هەلومەرجی سیاسی و مێژوویی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و... هتد، کۆڵیوەتەوە.

هەواڵی شەرەفنامە و مێژووی بابانی پرسیوە. دەنگوباسی مەولانا خالید و ناکۆکییەکانی و پلەی شێخ مارفی نۆدێی تۆمارکردووە، کەچی لەم ڕو انینە گشتگیرەی (ڕیچ)دا لە دوور و نزیکەوە، باسی شاعیر و ئەدیبانی نەکردووە. ئەمەش تەنیا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە لەو ڕۆژگارەدا دەبێت هێشتا شیعر و شاعیریی نەگەیشتبنە پلەیەکی گەشانەوەی ئەوتۆ، کە شاعیر لەو کۆڕانەدا ئامادەبێت و شیعر لەو دانیشتنانەدا بووبێت بە بابەتی باس(بڕو انە: سەرچاوەی پێشوو: ٤٤٣).

هەرنەوشیروان مستەفا لە باسێکی تریدا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە بۆ سەردەمی (ئەحمەد پاشا)ی بابان دەگەڕێنێتەوە و پێی و ایە، لەوسەردەمەدا ((شیعر بە لەهجەی بابان گەشەی کرد و قوتابخانەی شیعری بابان، لەلایەن سێ کوچکەی هەڵکەوتوو (نالی و سالم و کوردی)یەوە دامەزرێنرا))(نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٨: ١٦٠).

(د.دڵشاد عەلی)یش لە باسێکدا ولە وەڵامی ئەوبۆچوونەی (نەوشیروان مستەفا) دا دەڵێت: ((ئێمە لەگەڵ (گەشەسەندن)ەکەی شیعری کرمانجی خوارووداین لەو سەردەمەدا، بەڵام لەگەڵ (دامەزراندن)ەکەیدا نین، چونکە بەبۆچوونی ئێمە بزووتنەوەکە پێش ئەحمەد پاشا چەکەرەی کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی ناشێ ئەو شیعرەی کە (نالی) بەبۆنەی کۆچی سلێمان پاشا و جێنشینبوونی ئەحمەد پاشاوە دایناوە، یەکەم بەرهەمی نالی بووبێت. چونکە خودی دەقەکە، بە ئاوێتەکردنی لاو اندنەوە و ستایش پێکەوە، بەجۆرو چەشنێکی هونەریی وا بەرز، بەرهەمی شاعیرێکی خاوەن ئەزموونی شیعرییە، نەک بەرهەمی شاعیرێک کە تازە یەکەم هەنگاوی شیعری نابێ))(عەلی، ٢٠٠٤: ٤٦).

بەم پێیە قۆناغە شیعرییەکەی کرمانجی خواروو، بەپێی سەردەمی فەرمانڕەو ایی میرەکانی بابان بەمجۆرە دیاری دەکات: ((ساڵانی فەرمانڕەو ایی مەحموود پاشای بابان، بە زەمینەخۆشکەری بزووتنەوەکە دادەنێین... دوا ساڵانی سلێمان پاشاش ساڵانی چەکەرەکردنی بزووتنەوەکە بووە. هەرچی دەربارەی ساڵانی فەرمانڕەو ایی ئەحمەد پاشاشە، ئەوا ساڵانی زێڕینی بزووتنەوەکە بووە))(سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). لێرەوە دەردەکەوێت دواساڵانی فەرمانڕەو ایی سلێمان پاشا بە سەرەتای دەرکەوتن و دامەزراندنی بزووتنەوەکە دیاری دەکات، کە هەر دەکەوێتە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، بەوپێیەی ماوەی فەرمانڕەو ایی سلێمان پاشا لە نێوان ساڵانی (١٨٢٨-١٨٣٨)ە ( بڕو انە: مارف: ٢٠١٧: ١).

لە کۆی ئەو ڕا و بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە لە سەرەتای چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدە سەریهەڵداوە و ساڵانی فەرمانڕەو ایی سلێمان پاشا (١٨٢٨-١٨٣٨) قۆناغی گەشەکردنی ئەم بزوتنەوەیە بووە، کە هەرسێ شاعیر تێیدا دەرکەوتن و ساڵانی فەرمانڕەو ایی ئەحمەد پاشاش بە قۆناغی زێڕین و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەکە دادەنرێت.

کەو اتە دەتو انین بڵێین، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی میرنیشینی باباندا و لە شاری

سلێمانی بەتایبەتی، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بە کاریگەری تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بناغەکەی دانرا، کە بە ئەدەبی کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو ناودێرکرا و تا نزیکی سەدە و نیوێک باڵی بەسەر دنیای ئەدەبی ناوچەکە و دەوروبەریدا کێشا. ئاشکراشە بارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە ڕۆڵی دیاریان هەبووە، لەسەر سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئەو بزووتنەوەیە. هاوکات کاریگەریشیان لەسەر گۆڕینی ناوەڕۆکە شیعرییەکانیش هەبووە. هەر بۆیە ئەدەبیش لەپاڵ ئەرکی سەرەکی خۆیدا، کە پیشاندانی جوانی و چێژە، خۆی نەبواردووە لەوو اقیعەی کە تێیدا بووە و بەشێکی زۆری لە ئەرکە ئەدەبییەکەی بۆ ڕەنگرێژو وێناکردنی ئەوو اقیعە تەرخان کردووە.

## بەشی دووەم: ئەرکی ئیستاتیکیی شیعر لە ئەدەبی کلاسیکی کرمانجی خوارووودا

وەک لە دەروازەی توێژینەوەکەماندا، دەربارەی ئەرکی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی دواین، گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە ئەدەب بەگشتی دوو ئەرکی سەرەکی لە خۆدەگرێت، ئەوانیش:

یەکەم: ئەرکی بەخشینی جوانی(چێژ).

دووەم: ئەرکی گەیاندنی سوود.

ئەوەی ئاشکرایە، هەرلە کۆنەوە ئەدەب و هونەر، ئەرکی جوانییان هەڵگرتووە، بەو پێیەی ئەدەب سەررێژە لە وێنە و مۆسیقا و ڕیتم و دەربڕینی هەستە خودی و مرۆڤایەتییەکان، لەقاڵبێکی زمانی و هونەری و ئیستاتیکیدا. ئەمانەش وا دەکەن خوێنەر چێژ لە ئەدەب ببات و بەدەمییەوە بچێت، بۆ نموونە وەک ئەرستۆ دەڵێت: ((مرۆڤ بەسرووشت ئارەزووی مۆسیقا و ڕیتم دەکات))(الماضي،٢٠١٠: ١٠). هەر لەبەر هۆکارانەشە پەنا بۆ ئەدەب براوە و ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و... هتد، پێ بارکراوە.

ئەدەبی کوردییش، وەک ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی تری جیهان و ناوچەکە، بەدەر نەبووە لەو دوو ئەرکە سەرەکییە. دیارە ئەدەبی کوردییش بە شیعر دەستی پێکردووە، لەم نێوەندەشدا قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی خواروو وەک دەستپێک و سەرەتای ئەدەبی شیعری ئەو دیالێکتە، بەکاریگەری ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و بەتایبەتیش ئەدەبی فارسی، هەمان ئەو ئەرکانەی وەرگرتووە، کە ئەو ئەدەبانە لەخۆیان گرتبوو، بەڵام بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی کوردانەوە. شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی خوارووش، جگە لە ئەرکە ئیستاتیکییە باو و سرووشتییەکەی خۆی، هاوکات لەسایەی میرنیشینی باباندا و لەو بارودۆخە تایبەتەدا، ئەرکگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی و... کەوتە سەر.

لێرەدا و لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها لەسەر ئەرکی ئیستاتیکی شیعر دەدوێین بە نموونەی شیعری هەرسێ شاعیری ئەو قۆناغە، کە (نالی و سالم و کوردی)ن.

### یەکەم: زاراوە و چەمک و بنیاتی ئیستاتیکا

چەمکی ئیستاتیکا بە رووکار چەمکێکی سادەیە، بەڵام کاتێک چوارچێوەیەکی تیۆری بۆدادەنرێت ئاڵۆز دەبێت، چونکە بابەتێکی تەواو خودیە، هەم تایبەتە بە درک و هەستی مرۆڤ، هەمیش ئەو درک و هەستە ڕێژەییە و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت. هەربۆیە زاراوەی ئیستاتیکا یان جوانیناسی، ((لە زاراوەی (Aisthetikos)ی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بە واتای درکپێکردنی هەستەکی دێت و بنەڕەتی وشەکەش(Aistheta)یە، کە بە واتای خاڵی درکپێکردنی هەستپێکراو دێت))(ئەحمەدی، ٢٠٠٧: ٢٨).

وەک زانستیش ئیستاتیکا لقێك بووە لە فەلسەفە، کە لە چییەتی جوانی کۆڵیوەتەوە. لە فەرهەنگی فەلسەفی (لالاند)دا ئیستاتیکا بە دوو واتا پێناسە کراوە، ((هەرشتێك بە جوانییەوە گرێدرا بێت و هەرشتێك سرووشتی جوانی پێناسە بکات، یان زانستێکە کە بابەتەکەی داوەری بکات لە نێوان جوانی و دزێویدا))(شێخ حسێن، ٢٠١٨: ٣٥).

هەر لە کۆنەوە ئەم چەمکە جێی بایەخی فەیلەسووفان و ئەدیبان و ڕەخنەگران بووە. (یۆنانییەکان پێشەنگی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی جوانیین، (هیراکلیس ٥٣٠-٤٧٠ پ.ز)، یەکەمین فەیلەسووفی یۆنانییە باسی جوانی کردبێت، بڕوای وایە جوانی ڕێژەییە و سیفەتێکی بابەتیی جیهانی هەستپێکراوە. بەڵام (سوکرات) بڕوای بە جوانی باڵا هەیە و اتا (خودی جوانی)، بە بنەمای سەرەکی هەموو جوانییەکانی سەرزەمینی دادەنێت)(بڕوانە: مستەفا، ٢٠١٩: ٢١-٢٢). ئەم چەمکە لای (ئەفلاتوون)یش، جیاواز لە هیراکلیس و وەک سوکراتی مامۆستای، گرێدراوی جیهانی ئایدیاڵە و خودی ئایدیاڵ خۆی جوانییە، وەک ئەوەی کە فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بونیادناوە، پێی وایە ئایدیاڵ (خۆی جوانی یەکەمین و لەسەروو هەموو جوانییەکەوەیە، وەک جوانی موتڵەق و جوانی خودایی)(میراودەلی، ٢٠٠٥: ٢١). لە دوای ئەفلاتوونەوە، ئەرستۆ یەکەمین فەیلەسووفە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (هونەری شیعر- poetica) بە شێوەیەکی زانستی بنەما و یاسا بۆ جوانی دەقی ئەدەبی دادەنێت، (کتێبی پۆیەتیک، بە بۆچوونی هەموونووسەرانی ئەمڕۆ، یەکەمین کتێبە لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە و بەشێوەکی لۆژیکیش پشت ئەستوورە بە تیۆرییەکی تۆکمە لەمەڕ جوانییەوە)(ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ٨٠).

ئیستاتیکا وەک زانست و پەیوەستیش بە ئەدەبەوە، بۆ یەکەم جار لە لایەن فەیلەسووفی ئەڵمانی (باومگارتن-Baumgarten)ەوە بە شێوەکی تیۆری لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕامان لە شیعر) بیروڕاکانی خۆی لەسەر ئیستاتیکا دەربڕیوە، بە زانستێك پێناسەی کرد، کە لە جوغزی لۆژیکی هەست و ئەندێشەی هونەردایە، جیاواز لە لۆژیکی زانستی و بیرکردنەوەی ئاوەزیی. پاشان (ئیمانوێل کانت)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی، کە بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیستاتیکا و فەلسەفەی ئایدیاڵی دادەنرێت. کە ئیستاتیکای لەسەرشیعری ڕۆمانسیزمی ئەوکاتی ئەڵمانیا

پراکتیک کرد و وای ناساند کە جوانیناسی ئەزموونێکە جیاواز لە چالاکی تیۆریی و زانستیی کە بیر پێی هەڵدەستێت، بەڵکوو چالاکییەکی چێژدارە، پشتبەستووە بە گەمەیەکی ئازاد لە نێوان ئەندێشە و بیردا(بڕوانە: مطر، ٢٠١٣: ١١). لە کۆی تێڕوانینەکانی هەردوو فەیلەسووفی ئەڵمانی (باومگارتن و کانت)، بۆمان دەردەکەوێت جوانی پەیوەستە بە هەریەک لە چەمکەکانی (هەست و بیرو ئەندێشە و چێژو ئەزموون)ەوە، کە هەر خودی ئەم چەمکانەش سەرچاوەی نووسین و داڕشتنی هەر دەقێکی ئەدەبین، بەتایبەتی شیعر. بەم پێیە جوانی بنەمایەکی سەرەکی ئەدەبە و هەربۆیە هەندێک ئەدەب وا دەناسێنن کە (( شێوەیەکی ئیستیاتیکی ڕووتە))(الماضي، ٢٠١٠: ١١).

وەک ئاماژەی پێدرا، ئەرکی بەخشینی جوانی و چێژ لەپاڵ ئەرکی گەیاندنی سووددا (ئەدەبی پەیامدار)، دوو ئەرکی لە مێژینەی ئەدەبن، هەمیشەش و اقیعی سەردەم یەکێک لەم ئەرکانەی زاڵ کردووە بەسەر ئەوی تردا. ئەو ململانێیانەش بوونەتە هۆی پەیدابوونی گەلێک (زاراوەی ئەدەبی و تیۆرو میتۆدی ئەدەبی و قوتابخانە و شەپۆلی ئەدەبی و ڕێبازی شیکردنەوەی دەق و... هتد)، بۆ نموونە ئەرکی جوانی لە ئەدەبدا بووە مۆتیڤی سەرهەڵدانی (هونەر بۆ هونەر و چێژی دەق و تیۆری داهێنان و قوتابخانەی پەڕناسیزم و ڕەخنەی نوێ و بونیادگەری و فۆرمالیزم و... هتد). لەبەرامبەریشدا ئەرکەکەی تر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئەرکی ئەدەب سوودبەخش و پەیامدار بێت، بوونە مۆتیڤی (هونەر بۆ کۆمەڵ و پەیامی ئەدەب و ئەدەبی پابەند و ئەدەبی شۆڕشگێڕی و ڕیالیزمی ڕەخنەیی و سۆشیالیستی و قوتابخانەی مارکسیزم تیۆری ڕەنگدانەوە و میتۆدی کۆمەڵایەتی... هتد)(قطوس، ٢٠١١، ٤٤).

کەواتە ئیستاتیکا، ئامانجێکی سەرەکییە لە دنیای هونەر و ئەدەبدا و هەمیشە لەو دنیایەدا بە دوای جوانیدا دەگەڕێین، هەربۆیە شاعیر بە دوای وشەی جوان و واتای جواندا عەوداڵە و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چنین و ڕێکخستنی وشەکانەوە لە چوارچێوەی کێش و سەروایەکی گونجاودا، بە ئاوازێکی چێژدار و سەرنجڕاکێش چەندین وێنەی جوان و واتادار، بەگوێی خوێنەردا بدات. مەرجیش نییە ئەو تاقیکردنەوەیەی شاعیر هاندەدات بۆ دروستکردنی ئەندێشەی شیعری، لە واقیعدا جوان و سەرنجڕاکێش بێت و شاعیر تەنها دەرخەری ئەم جوانییە بێت، لەگەڵ ئەوەی دەرئەنجامی تێڕامانی شاعیرە لە ژیان و دەوروبەری خۆی ((بەڵام توخمەکانی ژیان وەکو خۆیان نامێننەوە و پاش پرۆسەی ئەفراندنی هونەری، دەگۆڕێن بۆ شتگەلێک کە لە سرووشتی خۆیدا جیاوازە لەوەی کە لە ژیاندا پێی ئاشناین و ئەو ئەزموونانەی دەبنە هۆی ئەم ئەفراندنە، لە ناوخۆی خۆیدا جیاوازە لەوەی کە لە دەرەوەیدا هەیە))(الشنطي، ١٩٧٩: ٢٩-٣٠). لێهاتوویی شاعیریش لەوەدایە وێنای کارەسات و ڕووداوی ناخۆش و کاریگەر بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بکات، یاخود لە دیمەن و دیاردەیەکی دزێو، جوانی بخولقێنێت، نموونەی ئەم لێهاتووییەش لە شاعیرانی کلاسیدا دەبینین، وەک (نالی) لە وەسفی خێلی چاوی (مەحبووبە)دا، کە سیفات و وێنەیەکی ناجۆرە لە واقیعدا، دەیگۆڕێت بۆوێنەیەکی جوانی شیعری کە دەڵێت:

خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەردەکا؟! (دیوانی نالی،١٩٧٦: ١٠٩)

هەربۆیە (ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی پێیان وایە کە دەبێت شاعیران و نووسەران جوانی بۆ پەیامەوەرگران بەرجەستە بکەن، تەنانەت بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بڕوایان وایە، ئامانجی ئەدەب تەنها و تەنها جوانییە و کاری شاعیران و نووسەران تەنها خولقاندنی جوانییە)(مستەفا، ٢٠١٩: ٧). کاری زانستی ئیستاتیکاش دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی جوانی و هەڵسەنگاندنیانە، وەکو ڕووخسارێکی جیاکەرەوەی کارە ئەدەبییەکان ((ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی کاری هونەری، مەبەستی ئامانجێکی دەرەکی نییە، بەڵکوو ئامانجەکە لەناو خودی خۆیدا شاردراوەتەوە و دۆزینەوەی ئەم ڕەگەزانە بە هەر ڕێگایەک بێت، چێژێک درووست دەکات، کە ئەوە چێژی ئیستاتیکی پوختە))(اسماعیل، ١٩٧٤: ١١٨). بەپێی ئەو تیۆری و قوتابخانانەی، کە لە ئەنجامی بیر و باوەڕی ئیستاتیکییەکانەوە دروست بووە ((کاری ئەدەبی، جگە لەوەی تەنیا وێنەیەکی خودی خۆیەتی، ئەرکی ئەویش نییە لە دەرەوەی توانای خۆی شتێکمان پێ ببەخشێت و ناشتوانێت ئەوە بکات، بەهای کاری ئەدەبی بەو زانیاری یا ئەزموونانە دیاری ناکرێت کە پێمان دەبەخشێت، بەڵکو بەو کاریگەرییە دیاری دەکرێت کە لە ناخماندا دروستی دەکات))(الشنطي، ١٩٧٩: ٢٩).

لەگەڵ ئەمەشدا، ناکرێ ئەدەب بە بەشێکی دابڕاو و دوور لە کۆمەڵ دابنرێت، بەو پێیەی شاعیر و نووسەر زادەی کۆمەڵن و سەرهەڵدان و ڕەوتی ئەدەبییش پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیەوە و شیعرەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو دیمەن و ڕووداوە خۆش و ناخۆشانەیە کە لە چواردەوریاندا ڕوودەدەن و دەبینرێن و کار لە دەروونی شاعیر دەکەن. هەربۆیە دەکرێ بڵێین شاعیر لە گۆشەنیگا و جیهانبینی خۆیەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانێت و لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیی ئیستاتیکیدا گوزارشتی لێ دەکات بێ ئەوەی کار لە دەقەکەی بکات، وەک دەوترێت ((شیعر ژیان و ڕۆحی گشتی خۆی هەیە و لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەهاتووە. نموونەی شیعر وەکو ڕووەک وایە خۆراکی شتگەلێکە، بەڵام تایبەتمەندی ڕووەک ناکرێ بدرێتە پاڵ بارودۆخی ئەو زەوییەی تێیدا ژیاوە))(ناصف، ؟: ١٨٨).

بەچاوخشاندنێک بەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئیستاتیکای شیعر و ئەو بنیاتانەی کە دەبنە هۆی بەخشینی جوانی و چێژ لە دەقێکی شیعریدا، ئەوە دەرکەوت کە بنیاتەکان بەسەر سێ ئاستدا دابەشکراون، ئەوانیش: یەکەم: ئیستاتیکای دەرەوە، کە بریتین لە زمان و مۆسیقا و وێنە. دووەم: ئیستاتیکای ناوەوە، کە سۆز و خەیاڵ و واتا لە خۆ دەگرێت. سێیەمیش هەماهەنگی نێوان هەردوو ئاستەکەی پێشووە.

(بڕوانە: صهبا، ١٣٨٤: ٩٣). لێرەوە بە کورتی باسی هەریەک لەو بنیاتانە و ڕۆڵیان لە ئیستاتیکای شیعردا، دەردەخەین:

سەبارەت بە زمان لە شیعردا، ئاشکرایە شیعر کوتلە و پێکهاتەیەکی تەواو زمانییە، هەربۆیە زمان بە گرنگترین بنەمای شیعر دادەنرێت، لەم بارەیەوە (پۆل ڤالێری) دەڵێت: ((شاعیر لە ڕێی زمانەوە بنیاتی شیعری دادەمەزرێنێت، بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی تری شیعر وەک مۆسیقا و وێنەی شیعری بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێت))(عەبدوڵا،٢٠٠٦ : ٢١٧). هەڵبەت زمانی شیعر جیاوازە لەو زمانەی کە ڕۆژانە ئاخێوەرانی بەکاری دەهێنن، ئەویش بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە زمانی شیعریدا هەن، وەکوو هەڵبژاردن و پێکەوەگونجان و لادانە وشەیی و ڕستەیی و دەنگییەکان.

دەربارەی مۆسیقای شیعریش، دیارە لە دوو باردا دەبینرێت، ئەوانیش مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی شیعرن. ئاشکرایە کە مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە ڕێی کێش و سەرواوە دروست دەبێت، ((جگە لەوە ئاوازێکی شاراوە هەیە کە لەهەڵبژاردنی وشەکان و لە پێوەندی و پێکەوەگونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر ئەم ئاوازەشە کە پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات))(عەلی، ١٩٩٨: ٨٩)، کە بە مۆسیقای ناوەوە ناودەبرێت.

وێنەی شیعریش کە بنیاتێکی گرنگ وپێدەری ئیستاتیکای شیعرە، هەر لە کۆنەوە جێسەرنجی ڕەخنەگران بووە و بە کرۆک و کۆڵەکەی شیعری دادەنێن. ((وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعرییە و شاعیر لە شێوەی تابلۆیەکی هونەریدا دەری دەبڕێت. لێرەدا کەرەستەکانی شاعیر بریتیین لە وشەی جوان و ئەندێشە و خەیاڵ و دەروونی شاعیر، کە بەهۆیەوە ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ ژیان و سرووشت لە دەقێکی شیعرییدا دەردەخات))(فەقێ سلێمان، ٢٠١٥: ١٠). زۆربەی سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە وێنەی شیعریی لە چەند ڕەگەز و پێکهاتەیەك دروست دەبێت، ئەم ڕەگەزانە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن لە دروستبوون و بەهێزبوون و شیعرببوونی وێنەدا، ئەم ڕەگەزانەش هەرئەو ڕەگەزانەن کە خودی شیعریان لەسەر بنیاتنراوە، کە پێکدێن لە: زمان و بیر و سۆز و ئەندێشە و نەست. جێی ئاماژەیە، ئەوەی بەدیدەکرێت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەت (خواستن و چواندن و درکە)، دروستکەری وێنەی شیعرین.

لە ئاستی ناوەوەشدا، وەک باسمان کرد، بیر وو اتا و سۆز و خەیاڵ لە شیعردا، بەشداری ئەم جوانییە دەکەن. دیارە بیری شاعیر جیاوازتر دەکەوێتەوە وەک لای هەرکەسێکی تر، چونکە ((بیر تیشکێکە بە عەقڵی شاعیردا دێت، ئەگەر نەخشەی بۆ دانەڕێژرێت و بەرز نەبێتەوە بەرەو خەیاڵ و پێکهاتەکانی تری وێنەی هونەری بەشداری تێدا نەکەن، ئەوا وەك هەمووئەو بیرانەی لێدێت، کە ڕۆژانە بە نێو مێشکی کەسانی ئاساییدا دێ و نابنە شیعر، بیر دەبێت پەروەردە بکرێت و ئاو بدرێت بە ئەندێشە و سۆز و لەدواجاریشدا لەقاڵبی زماندا دەربڕدرێت))(محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢: ٤٨). هەروەها سۆزیش کە ((دیاردەیەکی ویجدانی و دەروونییە، لەهەست و نەستی خاوەنەکەیەوە لەبەر چەند هۆیەکی ماددی و بیری و هەڵچوونی شەپۆل دەدا))(بەسیر، ١٩٨٣: ١٧١)، لەو پرۆسەیە بەدەر نییە، کە بیری پێدا تێپەڕ دەبێت بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیعری.

هەموو ئەمانە و اتایەک دروست دەکەن، کە جیاوازە لە و اتا باوەکانی پیشووتر و ئەم جیاوازی و نوێییەش لە و اتادا، لای خوێنەر ئیستاتیکی دەکەوێتەوە.

خاڵی سێیەم و کۆتایی بنیاتی ئیستاتیکا، کە هەماهەنگی نێوان ئیستاتیکای دەرەوە و ناوەوە بوو، مەبەست لێی گونجان و هاوسەنگی و نزیکی ئەو دوو ئاستەیە پێکەوە، بۆ نموونە بۆ ناوەڕۆکێکی ئاینی پێویستە فەرهەنگی وشە و سەرچاوەی وێنەی ئاینی بەکار بهێنرێت. ئەو بنەما و پێکهاتانەی کە باسمان کردن، ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئیستاتیکادا هەیە، لە هەر دەقێکی شیعریدا.

دووەم: ئەرکی ئیستاتیکی شیعر لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیی کرمانجی خوارووداا:

ئاشکرایە دەقی شیعری کلاسیکی کرمانجی خواروی ئەم قۆناغەش، نەک بەدەر نەبوون لەو بنیاتانەی ئیستاتیکای شیعر کە ئاماژەی پێدرا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک بنەمای ئیستاتیکی تری وایان تێدایە، کە تایبەتمەندن بە هەریەک لە شاعیرانی قۆناغی یەکەم، کە (نالی و سالم و کوردی)ن، تێیدا ڕاست وڕەوان ویستوویانە شیعرئەرکی سەرەکی ئیستاتیکا ببەخشێت و تەنها لە پێناو جوانی و چێژدا بێت. وا لە خوارەوە نموونەی شیعری هەرسێ شاعیر دەهێنینەوە بۆ ئەم ئەرکە شیعرییە:

وەک نالی لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

سیلاحی پەرچەمی پرخەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە

برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەرهەودا و ئەگەر مەودا (دیوانی نالی: ٨٨)

نالی لێرەدا وێنەگەلێکی تێکچڕژاوی هونەری و شیعریی دروستکردووە. لە نیوەدێڕی یەکەمدا، دوو وێنەی هێناوەتەوە، لە یەکەم سەرەکییەکەیاندا (پەرچەم و زوڵف)ی بە (چەک) چواندووە، کە ترسناک و پرخەمە و دەرچوونی نییە لێی، چون ڕەش و تاریکە. لە وێنەیەکی تردا هەر)زوڵف( دەچوێنێت بە )مار( کە ڕووی لێکچوونیان لە ترسناکی و ڕەشی و درێژیدا هاوبەشن و پەیوەستی دەکات بە وێنەی یەکەمەوە کە ترسێنەرە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا دوو وێنەی هیناوەتەوە، لە یەکەمیاندا (برۆ)ی بە (کەوان و هەودا) چواندووە، کە لە کەوانەیی و باریکیدا هاوبەشن و لە وێنەی دووەمیشیدا (غەمزە و نیگا)ی یاری بە (تیر) چواندووە لە تێژیدا (مەودا)، کە تەواوکەری ئەو فەزا پڕترس و پرخەمەیە کە زوڵف خوڵقاندوویەتی. لەم شیعرەدا نالی هەریەک لەو وێنانەی لە ڕێگەی هونەری دیاری ڕەوانبێژیی چواندنەوە دروستکردووە. دەبینین بنیاتی سەرەکی ئیستاتیکای ئەم دێڕە شیعرە لەسەر وێنە وەستاوە، هەروەک (جۆن درایدن) دەڵێت: ((وێنەکان لە خودی خۆیاندا، شکۆمەندی و ژیانی چامە(قەسیدە)ن))(لویس، ١٩٨٢: ٢٠).

لە ڕووی زمانیشەوە، جگە لەوەی یارییەکی زمانی جوانی کردووە لە وشەی (پڕخەم)دا، کە (خەم) دەتوانرێت جارێک بەواتای (لوول) لێکبدرێتەوە بۆ (پەرچەم) و جارێکیش بە واتای (خەم و خەفەت) بێت، کە لەگەڵ کۆنتێکستی دێڕەکەدا یەک دەگرێتەوە. هاوکات وشەگەلێکی نزیک لەیەکی، لە یەک کێڵگەی واتاییدا هێناوەتەوە، وەک وشەکانی (سیلاح و تیر و کەوان و مەودا). هەروەها بەبەکارهێنانی وشەگەلێکی نزیک لە یەکی مۆسیقی وەک (پەرچەم و پڕخەم ، تار و مار، هەودا و مەودا)، کە ئەمانە ئاوازێکی دڵگیر و خەیاڵبەریان لە ئاستی مۆسیقای ناوەوەدا درووست کردووە. نالی ئەم جۆرە لە مۆسیقای لە ڕێگەی هونەری جوانکاری وشەیی ڕەگەزدۆزییەوە درووست کردووە. ئەوەش بەرچاو دەکەوێت، لەم دێڕەدا نالی چوارجار وشەی (ئەگەر)ی هێناوەتەوە. ئەم چەندبارەکردنەوەیەش، نەک هەرنەبووەتە هۆی لاوازی و سادەیی دێڕەکە، بەڵکوو بووەتە پێکهێنەری کەرتێکی مۆسیقی تێیدا و هێندەی تر ئاوازی ناوەوەی دەوڵەمەند کردووە. جگە لەمەش لە ئاستی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەشدا، کە کێشی عەرووزی دێڕەکە( هەزەجی هەشتیی تەواو)ە و سەروای شیعرەکەش، سەروای (ئەلف)ە، ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانیدا.

لێرەدا توانای شاعیردەردەکەوێت، کە ئەوبیروخەیاڵ وهەستەی لای هەبوون، توانیویەتی لە قاڵبێکی شیعریی مۆسیقییدا و لە بۆتەی چەند وشەیەکی کەمدا، وێنەگەلێکی زۆر و وەسفێکی ورد و واتایەکی جوان بخولقێنێت. بەمەش هەماهەنگی لە نێوان ئیستاتیکای ناوەوە و دەرەوەدا بەدیدەکرێت. ڕۆڵی ئەم هەماهەنگییە لە جوانیی ئەدەبدا لای (شیخ نووری شێخ ساڵح)یش دەبینرێت و دەڵێت: ((ئەساسی ئەدەبیات جوانییە، یەعنی لیباسێکی جوان بدرێ بە مەعنایەک))(شێخ ساڵح، ١٩٢٦: ١). بەم چەشنە دەبینین لای نالی شیعر ئەرکی ئیستاتیکی وەرگرتووە.

هەروەها لە بەیتێکی دیکەدا، نالی ئیستاتیکییانە لە وەسفی جوانی دیدە و دیداری یاردا دەڵێت:

بێ دیدە و دیداری، هەموو خوێنە دەگریێم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ، لالە دەنێژم (دیوانی نالی: ٢٧٧)

لێرەدا نالی هەردوو وشەی ئاوازداری (دیدە و دیدار)ی لەسەرەتای دێڕەکەدا هێناوەتەوە و دەڵێت: بە بێ وجوودی چاو و چاوپێکەوتنی یارمن خوێن دەڕێژم، کە لە ڕێگەی هونەری (لەف و نەشری مشەوەش)ەوە (دیدە و دیدار)ی چواندووە بە (گوڵ و نێرگس)، خوێنی خۆشی بە گوڵی لالە چواندووە. دەبینین شاعیر ئیستاتیکانە و شیعرییانە سێ لای دووەمی وێنەکە گوڵ و جۆری گوڵی هێناوەتەوە، کە ئەمەش نالی بە ئاگاییەوە ئەم هاوسەنگییە ئیستاتیکییە و اتاییەی درووست کردووە. کە دەلالەت لە دەوڵەمەندیی فەرهەنگی وشەیی و ئاوەزی دەکات لای نالی. هەروەها لە پشتی ئەم بەیتەوە، دەیەوێت پێمان بڵێ کە ئیشی من وەکوو شاعیرێک، ئەگەرچی واقیعی ژیان شادی بێت یان خەم، ئەوا من هەر گوڵ دەنێژم و هەرجوانیمان لێ چاوەڕوان دەکرێت.

لە ئاستی مۆسیقاشدا، دێڕەکە ڕازێنراوەتەوە بە کۆمەڵێک مۆسیقا و ئاوازی ناوەوە، وەک دووبارە بوونەوەی دەنگی (د) لە هەردوو وشەی (دیدە و دیدار)دا و بوونی دەنگی (گ) لە هەردوو وشەی (گوڵ و نێرگس)دا.

لە دیرێکی تری پڕ لە وێنەی هونەریدا، کە جگە لە ئەرکی ئیستاتیکی، هیچ ئەرکێکی تری لێ ناخوێندرێتەوە، مەگەر هەر نالی توانای چێکردنی وێنەگەلێکی وەهای هەبێت، تێیدا دەڵێت:

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەرقوببەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیڕڕە، گەنجووری گەنجە ئەژدەها (دیوانی نالی: ١٣٠)

شاعیر لێرەدا دەڵێت: زوڵفی یار حەڵقەحەڵقە کەوتووەتە سەر گۆپکەی پشتوێنی هەیاسەکەی، کە ناوکی یاری لە ژێردایە، بەڵێ شتێکی سرووشتییە و لە کۆندا پاشا و دەوڵەمەندەکان مار و ئەژدیها دەکەنە پاسەوانی زێڕ و گەوهەر و گەنجینەکانیان. یان دەڵێت: یار تەنها ڕێ بە زوڵفی مەحرەمی دەدات، کە پاسەوانی سیڕی جوانی ناوکی بێت. دەبینین مەلا خدری نالی لە وێنە هونەرییەکەدا، (زوڵف)ی یاری جارێک بە (ئەژدیها) و جارێک بە (مەحرەم) و جارێکیش بە(گەنجوور- گەنجینەدار)چواندووە، لە چواندنە ناوەکییەکەشدا (تشبیە المحتوی)، (ناوک)ی جارێک بە (سیڕ) و جارێک بە (گەنجینە) چواندووە، (یار)یشی بە (پاشا و خاوەنگەنجینەکان) چواندووە.

عەبدولڕەحمان بەگی سالمیش، کە دووەم شاعیری ئەم قۆناغەی شیعری کلاسیکی کرمانجی خوارووە، لە پاڵ ناوەڕۆکە زۆر و دیارەکانیدا، لایەنی ئیستاتیکای شیعری فەرامۆش نەکردووە و نموونەگەلێکی باڵا لەلای دەبینرێت، لە ئاستی ئیستاتیکای وێنە و مۆسیقا و تایبەتتر دەوڵەمەندی زمانەکەی و هەمەڕەنگی لە وشەدا، وەک لەم دێڕەدا دەڵێت:

دەڵێم وەک قامەتت دڵگیرە سەروویش
ئەگەرسیب وگوڵ و سونبول سەمەردا (دیوانی سالم: ٧)

واتا، دەموت داری سەرووش وەک باڵای تۆ دڵگیر و دڵڕفێنە، بەڵام ناکرێت تەشبیهی وا بکەم، چونکە سەروو وەک قامەتی تۆ توانای بەرهەمهێنان و بەخشینی ئەو هەموو بەرهەمەی نییە کە تۆ هەتن، ئەوانیش (سێو و گوڵ و سونبوول)ن.

دیارە سالم لە ڕێگەی هەردوو وێنەی چواندن و خواستنەوە، ئەرکە ئیستاتیکییەکەی شیعری گەیاندووە، لە بنەڕەتدا و لە وێنە ناوەکییەکەدا (قامەت) و بەژنی یاری بە داری بەرزی (سەروو) چواندووە، هەرچەندە لە ڕوودا دەڵێت: تەشبیهی وا ناکەم. لە وێنەی خواستنیشدا، جوانی شیعرەکە دەگاتە ترۆپک و هەرسێ وشەی (سیب وگوڵ و سونبوول)ی لە بری (مەمک و ڕوومەت و زوڵفی شێواو) داناوە و لە ڕێگەی خواستنی ئاشکراوە درووستی کردوون.

لە ئاستی مۆسیقاشدا، ئاوازێکی ناوەوەی ناوازە دەبینرێت، کە لە دێڕەکەدا سەرەتای دەنگی هەرچوار وشەی (سەروو و سیب و سونبول و سەمەر) دەنگی (س)ن.

ئەوەی زیاتر لای سالم دەبینرێت، بەهۆی دەوڵەمەندی زمانەکەیەوە و شکانی دەسەڵاتی بەسەر زمانی فارسی و عەرەبیدا و هاوکات توانستی گەورەی لە زمانی کوردیدا، توانای یاریکردنی بە وشە و هێنانەوەی لە پێناوی مۆسیقادا لە دیوانەکەیدا بەرچاوە. وەک لەم دوودێڕەشدا ئەمە دەسەلمێت و ئیستاتیکایەکی زمانی و مۆسیقی دەبینرێت:

ئەوەند عوقدەی نیهانم کەوتە ناو دڵ
دەترسم مایەیی ئەم دەردە دەردا
لە جێی تیرت دڵم دەردێ لە سینەم
بە ئیستقباڵی تۆگەربێی لە دەردا (دیوانی سالم: ٧)

شاعیر لە دێڕی یەکەمدا دەڵێت: ئەوەندە گرێکوێرەی نهێنی و داخی دووریم لە دڵدا گیردا، ترسم هەیە کە ببێتە مایەی مایە ومەهەکی پڕبرین وزام لە نێو دڵمدا. لێرەدا شاعیر وشەئارایییەکی جوانی کردووە لە نێوان (دەرد و دەر- دا) و ئاوازێکی جوانی بە دێڕەکە بەخشیوە، کە یەکەمیان بەواتای نەخۆشی و دووەمیان بەواتای دەردان و هاتنەدەرەوە دێت. هاوکات لە نێوان (دەرو ناو)یشدا، دژیەکی فەرهەنگی هێناوەتەوە.

هەروەها، یارییەکی ئیستاتیکیشی کردووە لە ڕێگەی هونەری پۆشینەوە، لە وشەی (مایە)دا، کە دەشێت جارێک وەک نەخۆشی (مایە و مەهەک) و جارێک وەک (بوون بە مایەی یان بوون بە هۆکار)، لێک بدرێتەوە.

لە دێڕی دووەمیشدا، دەڵێت: لە شوێنی ئەو تیرانەی پێشووتر کە لێتداوم، دڵم دێتە دەرەوە بۆ پێشوازیت، وەختێ کە لە دەرەوە و لە دەرگاوە دەردەکەویت. یاخود ئەوکاتەی من لە نێو دەرد و ئازاردام، بەهاتنت هەر بە دڵ پێشوازیت لێدەکەم.

دەبینین وەک دێڕەکەی تر و زیاتر سالم یاری بە وشە و واتا کردووە لە ڕێی زمانی کوردی و فارسییەوە، بەوەی کە جگە لە (دەرد و دەر- دا)ی پێشوو، (لە دەردا)ی هێناوەتەوە، کە دەشێت جارێک بە واتای (دەشت و دەرەوە) و جارێکیش بەواتای (دەرگا) لێکبدرێتەوە، هەرچەندە لە دێڕەکەدا واتای (کاتی دەردگرتن)ی شاعیریش دەدات.

هەروەها ئەوەشی تیا دەبینرێت لە وشەی (لە جێی)دا، جارێک بەواتای (لەو شوێنەی کە تیرت لێداوە)، جارێکیش بە واتای (لەبری- لە جیاتی) دێت.

ئەمە ئەو ئیستاتیکییە وشەیی و واتاییانەیە، لە شیعری کلاسیکدا دەبینرێت و وشەئارایی و سەنعەتئارایی باڵی کێشاوە بەسەر ئەم جۆرە لە شیعردا، کە تەنها لە پێناوی جوانیدایە و بەس. بێگومان توانا و توانستی شاعیریش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پێدانی چێژی شیعر و لەوێشەوە بە وەرگر و خوێنەر. هەر لەبەر ئەوەیە (شێخ نووری شێخ ساڵح) دەڵێت: ((ئەوەی لە ڕۆحی ئێمەدا حەزێکی بەدیعی حاسڵ بکا، ئەوەیە کە لەدەستی ساحێبی مەهارەتێک و سەنعەتکارێک دەرپچێت. یەعنی هەمووەقتێک ئەوەی کە هەیە جانێک بۆ ئێمە حاسڵ بکا، ڕەسم و مۆسیقا نییە، بەڵکوو ئەو سەنعەت و مەهارەتەیە کە قیمەت ئەدا بە ئەمانە))(شێخ ساڵح، ١٩٢٦: ١).

مستەفا بەگی کوردییش بە هەمانشێوەی شاعیرانی هاوسەردەمی، شیعرەکانی بەدەر نەبووە لە چێژی ئیستاتیکی و وێنەگەلێکی ناوازە و تایبەت بەخۆیی و زمانێکی پەتی و ڕوونتری لەچاو نالی و سالمدا بەکار هێناوە. لە ئاستی مۆسیقا و ڕیتم و ئاوازیشدا جێدەستی دیارە و ((ویستوویەتی بە سادەترین و ئاسانترین وشە و دەستەواژە مەبەستەکەی یا بڵێین هەست و نەستی ناخی دەروونی دەربڕێت، ئەمە سەرباری ئەوەی خوێنەر یان بیسەر بە خوێندنەوە و گوێگرتن لەشیعرەکانی، زوو چێژیان لێ دەبینێت و یەکسەر هەست بەم ئاواز و مۆسیقا دڵڕفێنە دەکات))(سەعید، ٢٠١٧: ١٧٣)، وەک لەم نموونانەدا، بنەماکانی ئیستاتیکای شیعرەکانی دەخەینە ڕوو، لەم بەیتەدا کە دەڵێت:

وەک دوڕڕوعەقیق نەخشە، دندان ولەبی ئاڵت
هەروەک (بەڕەزا) بەخشە، ئەگریجە لەسەر شانت (دیوانی کوردی: ٨٢)

لێرەدا شاعیر سێ وێنەی شیعری هێناوەتەوە، کە یەکەم و دووەم وێنەی گشتی و بەکارهاتوون، بەڵام وێنەی سێیەم وێنەیەکی خودی و تایبەتە بە خۆی، لە یەکەمیاندا (ددان)ی چواندووە بە (دوڕ) لە سپێتی و درەوشانەوەدا و لە دووەمیشیاندا (لێو)ی بە بەردی گرانبەهای (عەقیق) چواندووە، کە بەردێکی ڕەنگسوورە، لە وێنەی سێیەمیشدا (ئەگریجە)ی بە گیای (بەڕەزا) چواندووە، کە گیایەکی بەهارەی بۆنخۆشە ولاسکەکانی بە نێوئاودا پەخش وپەرێشان دەبێت وهەرلەبەر ئەوەشە کوردیی شاعیر ئەگریجەی پێ چواندووە لە بۆنخۆشی و پەرێشانیدا.

لە ئاستی مۆسیقاشدا، شاعیر دێڕەکەی دابەشی چوار کەرتی مۆسیقی کردووە، لە ڕێگەی هاوکێشکردن و هاوسەرواکردنی (نەخشە- بەخشە، ئاڵت- شانت)، ئاوازێکی ناوەوەی جوانی بە دێڕەکە بەخشیوە. ئەمەش جگە لەو لادانە سینتاکسیی و بەلووتکەکردنەی ئامرازی چواندن(وەک و هەروەک) کە شیعرییەتێکی بە بەیتەکە داوە. هەربوونی ئەم جۆرە لە مۆسیقایە لای کوردی، وای کردووە کە زۆربەی شیعرەکانی لەلایەن گۆرانیبێژەکانەوە بکرێن بە گۆرانی.

کوردی شاعیریش خاوەن زمان و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەند بووە، دیارە ئەمانەش ڕۆڵیان لە پێدانی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەدا هەیە لە شیعردا. (هەروەها خۆشی شارەزا بووە لە مۆسیقادا ئارەزووی بۆی هەبووە. لەم بارەیەوە هۆنراوەیەکی(سی و حەوت) دێڕی نووسیوە، کە سەرتاپا باس لە ئامێر و کەرەستە مۆسیقاییەکانی ئەو سەردەمە دەکات ناوی نزیکەی (پازدە) ئامێر دەهێنێت، ئەمە سەرباری ناوهێنان و باسکردنی وشەکانی گۆرانی و موتریب و گۆرانیبێژ) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٤). هەرلەو قەسیدەدا وشەگەلێکیشی بەکارهێناوە، کە بەدەنگی (ز) کۆتاییان دێت، ئاوازێکی دیار و ئیستاتیکایەکی شیعریان بە قەسیدەکە بەخشیوە، وشەکانیش بریتین لە (گاز، نەواز، دراز، تەکووتاز، فیراز، ڕاز، ئیحتیراز، جەواز، سینەواز، بەراز، حوققەباز، باز، بەساز، قەزاز،

ناز، حیلەباز، بێنێ واز، شاهناز، گوڵبەیاز، حیجاز، شاز، دوشمننەواز، نیاز، ئاواز، باڵباز، ڕێگەباز، بەباز، حیجاز، بێئەیاز، گوداز، و ایەباز، بەچەنەواز، ئیمتیاز)، سەرەتای قەسیدەکەش بەم دێرە دەست پێدەکات و دەڵێت:

دڵ لەمیحنەت کەیلە ئەی (پیری موغان)ی بەزمساز

هەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیشو تەرەب مەسنەدگیراز (دیو انی کوردی، ١٥٧)

وەک بینیمان لەم ئەرکەدا شاعیر انی کلاسیکی کوردیی کرمانجی خواروو، زۆربەی بنەما و پێکهاتە ئیستاتیکییەکانیان لە شیعرەکانیاندا بەکار هێناوە، ئەم بنەمایانەش لە دوو سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە: یەکەمیان بە لاسایی کردنەوەی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەتایبەتی شیعری فارسی، کە تژین لە وێنە و مۆسیقا و سەنعەتکاری و بایەخدان بە و اتای شیعری، سەرچاوەی ئەمانەش (کێشی عەرووز و سەروای یەکگرتوو و هونەرەکانی ڕەو انبێژی)ی ئەدەبی عەرەبین. سەرچاوەی دووەمیش، (لێهاتوویی و سەلیقەداری و دنیابینی و پاشخانی زمانی و ئەدەبی)ی خودی شاعیر انی ئەم قۆناغە بووە، کە بۆن و بەرامەی کوردانەیان لێ دێت.

**ئەنجام:**

١- بە گشتی ئەدەب دوو ئەرکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەو انیش: ئەرکی بەخشینی چێژ و جو انی و ئەرکی گەیاندنی سوود بە کۆمەڵە، ئەمەش بەپێی و اقعی ژیان و سەردەم و قۆناغەکان گۆڕاوە.

٢- لە ئەدەبی کوردیشدا وەک ئەدەبەکانی تری جیهان، ئەدەبی کلاسیک بەو ئەدەبە دەوترێت کە لەقۆناغێکی کۆندا هەبووە و ئەدەبێکی باڵا و نەمرە و لە قۆناغەکانی دو اتریشدا زیندوو بووە و هەمیشە جێی شانازی نەتەوەکەیەتی.

٣- ئەرکی ئیستاتیکی یەکێکە لە ئەرکە سەرەکی و دیارەکانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی. کە لە شیعردا لە سێ ئاستدا دەبینرێت، ئەو انیش، یەکەم: ئیستاتیکای دەرەوە، کە بریتین لە زمان و مۆسیقا و وێنەی شیعری. دووەم: ئیستاتیکای ناوەوە، کە سۆز و خەیاڵ و و اتا لە خۆ دەگرێت. ئاستی سێیەمیش هەماهەنگی نێوان هەردوو ئاستەکەی پێشووە.

٤- شاعیر انی قۆناغی یەکەمی کلاسیکی کرمانجی خوارووی ژێر سایەی میرنیشینی بابان (نالی و سالم و کوردی)، ئەرکی ئیستاتیکی لە بەشێکی فراوان و بەرچاوی دیو انەکانیاندا لە ڕێی ئەو ئاستانەی کە ئاماژەی پێدرا، دەبینرێت. ئەمەش یا بەکاریگەری ئەدەبی میللەتانی دراوسێ، یاخود پاشخان و تو انای شاعیرێتی خۆیان و زمانەکەیان بووە.

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: زمانی کوردی:

١- دیوان:

١-دیو انی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (٢٠١٠)، ساغکردنەوە و شەرحی: شوکور مستەفا، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٢- دیو انی سالم(٢٠١٥)، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح مەلا عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، سلێمانی، بنکەی ژین.

٣- دیو انی کوردی(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٤- دیو انی نالی(١٩٧٦)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی.

٢- کتێب:

٥- ئەحمەدی، بابەك(2007)، هەقیقەت و جو انی، وەرگێڕانی: مەسعوود بابائی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٦- ئەفلاتوون (٢٠٠٩)، کۆمار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د.محەمەد کەمال، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٧- الرحمانی، ئەحمەد(٢٠٢١)، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پر اکتیزەکردنیان، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: پ.د. سەردار گەردی، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.

٨- الماضی، د.شکری عەزیز(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی، هەولێر، چاپخانەی ماردین.

٩- بەسیر، د.کامل حەسەن(١٩٨٣)، ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەویکردن)، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی ز انیاری عێراق.

١٠- حوسێن، پ.ی.د هیمداد(٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

١١- حەمەکەریم، حەمە سەعید(١٩٨٦)، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی (ئامادەکردن و پێشەکینووسین)، بەغداد، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

١٢- ڕەئوف، لوقمان(٢٠٠٧)، ئەدەبی کۆن، چاپی یەکەم، سلێمانی،چاپخانەی کارۆ.

١٣- ڕەئوف، لوقمان(٢٠٠٧)، ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

١٤- سەعید، د.ناز ئەحمەد(٢٠١٧)، دەنگی مستەفابەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

١٥- شێخ حسێن، کازم(2018)، جو انیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی (شێخ نوورەددینی بریفکانی)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

١٦- عەبدوڵا، فەهمی شوکری(٢٠٠٦)، ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٧- عەلی، د.دڵشاد(١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا(لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

١٨- فەقێ سلێمان، هەژار( ٢٠١٥)، سێبەری مانا (وتارو لێكۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

١٩- قطوس، د.بەسام(٢٠١١)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د.محەمەد تاتانی، چاپی یەكەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان.

٢٠- مارف، عومەر ئیسماعیل (٢٠١٧)، سلێمان پاشای بابان (١٨٢٨-١٨٣٨)، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

٢١- محەمەد ئەمین، عەبدولقادر(٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی كوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٢- میراودەلی، د.كەمال(٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی وهونەر(ئیستاتیكا)،چاپی دووەم، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی قانع.

٢٣- ئەمین، نەوشیروان مستەفا(١٩٩٨)، میر ایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چاپی یەكەم، بەرلین، چاپ و بڵاوكردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی كوردستان.

٢٤- ئەمین، نەوشیروان مستەفا(٢٠١٢)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، كتێبی یەكەم، چاپی دووەم، بیروت، الدار العربیە للعلوم والناشرون.

٣- نامەی ئەكادیمی:

٢٥- بەرزنجی، عوسمان عەبدول مەعرووف(١٩٩٥)، ڕۆڵی شاری سلێمانی لە ئەدەبیاتی كوردیدا تاكۆتایی سەردەمی بابانەكان، زانكۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٢٦- مستەفا، ئاسۆ عومەر(٢٠١٩)، ڕێچكەكانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی كوردیدا (كرمانجی خواروو ١٩٢٠-١٩٧٠، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی.

٤- گۆڤار:

٢٧- شێخ ساڵح، شێخ نووری(١٩٢٦)، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢١ی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٦.

٢٨- شێخ ساڵح، شێخ نووری(١٩٢٦)، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٤ی ١٥ی تەممووزی ١٩٢٦.

٢٩- عەلی،پ.ی د.دڵشاد(٢٠٠٤)، نالی لە بازنەی تاقیكردنەوە شیعرییەكەی كرمانجی خوارووودا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە١٤.

٣٠- عەلی،پ.ی د.دڵشاد(٢٠١٦)، پێگەی شیعری كلاسیكی كوردی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٣، ژمارە٦.

٥- موحازەرات:

٣١- عەلی، د.دڵشاد(٢٠٠١)، وانەی ڕەخنەی ئەدەبی، زانكۆی سلێمانی، بەشی كوردی، قۆناغی چوار.

دووەم: زمانی عەرەبی:

٣٢- اسماعیل، عزالدین(١٩٧٤)، الاسس الجمالیة في النقد العربي، طبعة الثالثة، بیروت، دار الفكر العربي.

٣٣- الشنطي، عصام محمد(١٩٧٩)، الجمالية والواقعية في نقدنا الأدبي الحديث، طبعة١، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

٣٤- فهمى، د.ماهر حسن وفريد، د.كمال، (؟)، الكلاسيكيبه فى الاداب والفنون العربية والفرنسية، القاهرة، مكتبة الانجلو العربية.

٣٥- لويس، سيسل دى(١٩٨٢)، الصورة الشعرية، ت:احمد نصيف النابي و مالك ميري و سلمان حسن ابراهيم، بغداد، دار الرشيد للنشر.

٣٦- مارگريت، لوسى پول و ك.ا.ب(١٩٣٩)، دراسة في الشعر الكردي، تعريب: رفيق حلمي، بغداد، مطبعة التفيض الاهلية.

٣٧- مطر، اميره حلمى(2013)، مدخل الى علم الجمال وفلسفه الفن، الطبعه الرابعة، مصر، دار التنوير للطباعه والنشر.

٣٨- ناصف، د. مصطفى(؟)، دراسة الأدب العربي، القاهرة، دار القومية للطباعة والنشر.

٣٩- ويليك، رينيه(1978)، مفاهيم النقدية، ترجمة: د.محمد عصفور، الكويت، سلسلة عالم المعرفة(110).

سێیەم: زمانی فارسی:

٤٠- صهبا، د.فروغ(١٣٨٤)، مبانی زيباييشناسی شعر، مجله علوم اجتماعی و انسانی، دانشگاه شيراز، دوره(بيست و دوم)، شماره سوم، پائيز١٣٨٤، پیاپی (٤٤).

چوارەم: زمانی ئینگلیزی:

41-٠Cuddon، J.A (2013) , Dictionary of literary terms and literary theory ,fourth edition, USA, penguin books.

42-Douglas,Beran(1973), The function of poetry, a survey of critical theory, master of art, texas tech university.

43-Trench, W.F(2016), The Function of Poetry According to Aristotle, An Irish Quarterly Review, Vol. 19, No. 76.

**(الوظيفة الجمالية للشعر في الادب الكلاسيكي للكرمانجية الجنوبية)**

**ملخص البحث:**

مع ظهور وتطور الأدب أسوة بباقي المعارف الانسانية الأخرى، حمله الانسان وظيفة ومسؤولية ويعزى سبب منحه هذه الوظيفة إلى بعض الخصائص المرتبطة بالادب نفسه، على سبيل المثال تأثيره واحتوائه على أحاسيس وأفكار ورؤى الانسان و نقلها الى الاخرين عبر اللغة الشارحة كلغة عليا فنية وجمالية و موسيقيية. ولقد حظى الشعر بالنصيب الأوفر من هذه الوظيفة باعتباره أسمى فنون الأدب . وفي كل عصر ولدى كل الشعوب حمل الشعر وظيفتين رئيسيتين، وهما الوظيفة النفعية والوظيفة الجمالية والمتعة الفنية ولم يكن الأدب الكردي بنوعيه القديم والحديث خاليا من هاتين الوظيفتين .في هذا البحث نتناول بالتفصيل الوظيفة الجمالية في شعر الأدب الكلاسيكي للكرمانجية الجنوبية.

ولقد اتبعنا المنهج الوصفي التحليلي في البحث، وقسم على مدخل و فصلين: في المدخل تم التأكيد على وظيفة الشعر، في الفصل الأول تناولنا مصطلح ومفهوم الكلاسيكية بشكل عام، ومفهوم الأب الكلاسيكي الكردي وظهور المرحلة. وفي الفصل الثاني الذي تخصيصه للتطبيقات صلتنا الأظواء على بحثنا على الوظيفة الجمالية أثناء التطبيق وذالك من خلال الأسس التي تمنح الشعر هذه الوظيفة والتي ترى نفسها في اللغة والصورة الفنية والموسيقى الشعرية، وذالك من خلال انتقاء أمثلة شعرية لشعراء المرحلة الأولى من الكلاسيكية الكردية وعصر امارة بابان (نالى و سالم وكوردى).

الكلمات المفاتيح: وظيفة الشعر، الجمالية، الأدب الكلاسيكي، الأدب الكردي.

هذا البحث فصل من رسالة ماجستير بعنوان (وظيفة الشعر في الأدب الكلاسيكي الكردي).

## Abstract:

Title: The Aesthetic Function of Poetry in the Classical Literature of Lower Kurmanji.

Literature, like other human sciences, with its emergence and sprawling, has been assigned with functions by man, and this has been the result of the existence of several characteristics in literature, such as the extent of influence, encompassing human feelings, thoughts and ideas, and transferring them to others through a metalanguage, which is a sublime, artistic, aesthetic and musical language. Poetry, like the most prominent genre of literature, has had a large share in this duty; according to the era and cultures of each nation, poetry has been charged with two main functions, which were that of conveying benefits and bestowing pleasure and beauty. The Kurdish nation was in its literature, and particularly in ancient and rich literature, which is classical literature, within the framework of these two main functions. In this research, one of the two main functions will be discussed; the aesthetic function of poetry, in the classical literature of lower Kurmanji. The research, based on descriptive-analytic method, consists of an introduction and two chapters. The question of poetry's function is discussed in the introduction. Then in the first chapter, the term and concept of Classicism in general and the concept of classical Kurdish literature and the start of the era are presented. In the second chapter, which is the practical part of the research, the aesthetic function of poetry is discussed by identifying the principles that give this task to poetry; which include language, imagery and music of poetry. This is presented with examples of poetry by the first-stage classical poets; the era of Baban's Principality (Nali, Salim and Kurdi). Key words: The function of poetry, aesthetics, classical literature, Kurdish literature.